# دوو وشەی‌تر بۆ مەولەوی

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

ساڵی ١٩٨٨ - لە میهرەجانی مەولەویدا وتارێکم بە ناوی ( مەولەوی‌و شتێك دەربارەی سروشت)ەوە خوێندەوە، ئەوە چمکێك بوو لە بارەی بەرهەمی مەولەوی‌یەوە، ئێستاش لە خوێندنەوەیەکی تری دیوانی مەولەوی چەند چمکێکی تر دەخەینە ڕوو یا لێی دەکۆڵینەوە، چونکە جیهانی مەولەوی لای من ئەوەندە فراوانە کە بە وتارێك‌و دوو تەواو نابێت ، بەڵکو دانیشتن‌و خەریکبوونێکی وەك ئەوەی خانیی دەوێ، بەڵام کە زەنگی میهرەجان لێ ئەدات‌و پێم دەڵێن : " شابێ شالیار نابێ " ، ئەوا دەبێ چەند سەرنجێکم هەبێت‌و جیابن لەوەی برایانیتر دەریانبڕیوەو بە پێی ئەو ئەرکەی لە میهرەجاندا پێم سپێرراوە پێشتر دیوومن .

یەکەم تێبینم لە بارەی ( مەولەوی‌و ڕەمەزان ) ە .

وا مانگی ڕەمەزانەو هەر کەسە بە جۆرێك لێی ئەدوێ ، دیارە لە خوێندنەوەی دیوانی مەولەویدا ، ئا لەم مانگەدا هەموو کەس بێ ئەوەی مەبەسیشی بێت ، جارێکیتریش ئەو قەسیدەیە دەخوێنێتەوە کە مەولەوی بۆ ئەم مانگەی نووسیوە، لەبەرئەوە لە جێگەی خۆیدایە کە باس لە ئەنجام‌و تێبینی ئەو خوێندنەوەیە بکەین .

مەولەوی قەسیدەیەك - یا غەزەلێکی هەشت دێریی لە شەوێکی جەژنی ڕەمەزاندا ووتوە کە بەم دێرە دەست پێدەکات .

*ڕەمەزان تلووع سوبح شادیشەن*

*شەوال شام شووم نامرا دیشەن*

پیرەمێرد لە ڕۆحی مەولەویدا ئەو قەسیدەیەی بەم جۆرە وەرگێڕاوەتە سەر شێوەی هاودەمی ئەدەبیاتمان :

*ڕەمەزان هلوەی ڕۆژی شادیەتی*

*شەوال شامی شووم نامرادیەتی*

*دەردەدار شەوال ئای منیش زام سەخت*

*بێ تالع شەوال ، ئای منیش بەدبەخت*

باس باسی ڕەمەزانە ، بەڵام با لە ووردەکاریی مەولەوی بدوێین .

بنەڕەتی بیرەکە ئەوەیە کە هەزار ساڵ زیاتر خەڵکی ڕەمەزانیان گرتووەو شاعیرانی ووڵاتی ئیسلام لە هەزار تەل و دەنگ ستایشی ئەو مانگەیان کردووە، بەڵام ئەم بیرەی مەولەوی‌یان نەهاتووە بەبیرا ، ئەویش ئەوەیە وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە پەراوێزی ئەم قەسیدەیەدا نووسیویەتی :

( ڕەمەزان کاتی دەرکەوتنی بەرەبەیانی شادیەتی ، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی خۆی نی‌یە، کەچی بەناوی ئەویشەوە دەرئەچێ، شەشەڵانیش ئێوارەی نەگبەتیی بە ئاوات نەگەیشتنیەتی ، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی ئەوە کەچی خەڵکی لێ یان دابڕیوەو داویانە بە ڕەمەزان ) . واتە :سەری مانگ هی شەشەڵانە، کەچی خۆشی‌یەکەی بۆ بێگانەیە کە ڕەمەزانە ، ئازیزیش قیبلەی منە ، کەچی وەفای بۆ بەدکارانە .

*مانگ مانگی شەوال،جەژنی ڕەمەزان*

*دۆست، دۆستی منەو کەیف بۆ ڕەقیبان*

ئەم جۆرە بیرو ووردی‌یە، توانایی‌و بلیمەتیی مەولەویمان بۆ دەرئەخەن یا بە واتـەی ڕەخنـەگرانی ئـەم سـەردەمەی ئـەورووپا ( ماسـتەر–ی – وەسـتایی ) مەولەویمان بۆ دەرئەخەن .

مەولـەوی زۆر وەسـتایانە توانیویـەتی سـوود لـەو کەرەسـانە ببیـنێ کەلەبەردەستیدایە، هەرچەندە ئەم جۆرە ووردی‌و وەستایی‌یە بە تایبەتی لـەم پارچەیـەدا لـەوەدەچێ کە شاعیرە کلاسیکی‌یەکان خۆیان پێوە خەریك كـردووە، کەوا کاتی زۆر بەوەوە بەرنەسەر کە تەشبیهێ یا جیناسێ یا تەوریەیەکی تازە بدۆزنەوە، ئەمیش وەك دیارە بیری خۆی تەواو خستۆتەکار کەلـەو بەدوای یـەکدا هاتنەی ڕەمەزان‌و شەشەلان شتێکی تازە بدۆزێتەوە، بەلام ئەم ووردەکاریانە کەلە چەند پارچەیەکدا ببینرێت،مەولەوی ناباتەوە ڕیزی شاعیرانی کلاسیکی ، چونکە ئەو مەولەوی‌یـەی بـە هاتنـەوە سەرکێشـی دە پەنجـەیی‌و کێشـەکانیتری هیجـای هۆنـراوەی کـوردی– یـا بـە بـەردەوام بـوون لەسـەریان– لـەو ڕشـتەی عـەرووزی عەرەبی‌یە لایدا کە شاعیرانی کلاسیکی لەسەری ڕۆیشتوون ، ئـەو مەولەوی‌یـە چوارچێوەی بەلاغەت " یا ڕوانبێژی‌و وشەڕازاندنەوە" واتـە محسناتی لـەفزی –ی عەرەبیشـی شـکاندو بنـەڕەتی هۆنراوەکـانی خـەیاڵ‌و بـیری فراوانـی شـاعیرانی ڕۆمانتیکی‌یـەو خـەوی خۆشـی ڕۆمانتیکی‌یـە پێشـکەوتنخوازەکانە بـە دواڕۆژی گەشـەوەو وەڕسـی پیشـاندان‌و ئـاخ دەربڕینـە لـە دەسـت ڕابـوردووی چـەوت‌و ئێستای ناهەموار .

ئەگـەر لـە هۆنـراوەی مەولـەویدا ئـەم چەشـنە ووردەکاریانـە ببینـین دەتوانـین بیانکەین بە بەڵگە بۆ شتێکی‌تر، بۆ ئەوەی مەولەوی لەبێ توانایی‌و بێ دەسـەلاتی نی‌یەو لەوە نی‌یە کـە بـەر سـەرکێش‌و قافیـەو بەلاغـە کۆنەکـەدا زاڵ نـەبووبێ ، کە هاتۆتـە ڕیـزی شـاعیرانی ڕۆمانتیکی‌یـەوە،بـەڵکو مەولـەوی هـەر بلیمەتـەو هـەر وەستایەو توانا‌و بلیمـەتی وای لێکردووە هـەنگاو بەرەو پێش بنێت‌و لەهـەردوو

چەشنە شیعرەکەدا هەروەستابێت ، چونکە ڕایەك لە بارەی شیعری تازەوە هەیە، بە تایبەتی لای ئەو ڕەخنەگرە عەرەبانەی کەهێشتا باوەڕیان بە شیعری کۆن هەیە ، ئەویش ئەوەیە کەئەو شاعیرانەی لەسەر پێڕەوی تازە دەڕۆن دەسەلاتی ئەوەیان نی‌یە لەسەر پێڕەوی کۆن شیعر بلێن ، لەبەرئەوە ڕوویانکردۆتە شیعری تازەو دەسەلاتی خۆیان بەم شتە ئاسانە تاقی دەکەنەوە، کە ئەو زالبوونەی بەسەر کێش‌و قافیەدا ناوێ ( تێبینی : محەمەدسالح دیلانی شاعیری گەورەی خۆشمان ڕای وابوو) .

ڕەنگە لە شیعری عەرەبیدا ئەمە ڕاست بێت‌و بەسەر زۆر لە شاعیرانی بابەتی تازەدا بێتەدی ، بەلام لەوێشدا دیسانەوە ئەمە بەرامبەر بە کەسانی وەك : بەدر شاکیر ئەلسیاب‌و عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی‌و شاعیرانی مەهجەر ناووترێت ،چونکە هەموو ئەو شاعیرانە خەیالی شیعری ڕۆمانتیکی‌یان کردووە بە هۆی دەبڕین‌و بە وەستایی لەو مەیدانەدا هاتوونەتە پێشەوەو دەسەلات‌و بەهرەی خۆیان پیشانداوە، کە ئەم جۆرە خەیالە لە شیعری کلاسیکی‌دا نابینرێت .

بۆشیعری کوردیش - دیارە ئەم قسەیە بە هیچ جۆرێك لە بارەی مەولەوی‌و گۆرانەوە ناکرێت ، هەروەها لە بارەی دەستەیەکیتر لە شاعیرانی دووای گۆران‌و ئێیستامان، ئەمە ناوترێت ، چونە ئەو شاعیرانە بە خەیال‌و پتەویی هۆنراوەکانیان‌و بە هەنگاونانی گەلێکیان بەرەو ئەدەبێکی ڕاستەقینەی ریالیستی ( واتە: واقیعی ) خۆیان بە شاعیری پیشانی خەلك داوەو ئەوەیان سەلماندووە کەوا لەم بابەتە تازەیەی هۆنراوەی کوردیشدا هەر وەستاو توانان ، خۆ ئەوەش هەیە کە هەندێك لە شاعیرانی ئەمڕۆمان لە مەیدانی بابەتی کۆنی شیعریشدا دەسەلات‌و بەهرەی خۆیان دەرخستووە.

مەولەوی لە کۆنداو گۆران لە سەدەی بیستەمدا کارێکی سەیریان کردۆتە سەر شاعیرانمان بە جۆرێك زۆر جار بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن کاروتەئسیری شیعری مەولەوی‌و گۆران لە دێڕی هەڵبەستنیاندا دیارە ، مەولەوی ووتویەتی :

*ئاخ من‌و شەوال هەردوو هام فەردین*

*هەردوو گرفتار ئیش یەك دەردیم*

پیرەمێرد لە ڕۆحی مەولەویدا بەم چەشنە داپڕشتۆتەوە :

*ئای من‌و شەوال هەردووك هام فەردین*

*هەردوو گرفتار ئیشی یەك دەردین*

ئایا بێکەس هەستی بە مەولەوی خۆی یا ڕۆحەکەی کردووە کە دەڵێ :

*ئەی مانگ من‌و تۆ هەردوو هاودەردین*

*هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین*

وا ئەزانم کارتێکردنی مەولەوی‌و گۆران تا چەند سەدەیتر لە دێڕی هەڵبەستی کوردیدا هەردەمێنێ .

لە میهرەجانی ساڵی ١٩٨٨ی مەولەویدا باسی ئەوەم کردبوو کەلای مەولەوی سروشتی کوردستان هەرلە بەهاردا جوان نی‌یە ،بەڵکو ڕەنگە مەولەوی تاقەکەس بێت ، کە جوانی لە هەرچوار وەرزی ساڵدا ببینێ‌و کوردستانی لە چوار وەرزدا لا جوان بێت ، تەنانەت لە لووتکەی ناخۆشی‌و شینیشدا کەدەگاتە لووتکە، ئەوە لای ئەو لووتکەی چیایەو بەناو فرمێسکی چاودا دیمەنی کوردستان لێڵ نابێت‌و جوانی‌یەکەی هەر دیارە ، ئەوەبوو ووتمان لە شین نامەی ( مرثیە )شدا هەر دیمەنی سروشتی ووڵاتی هێنایەوە بەرچاوی خۆی ، ئەگەر لە هۆنراوەی کلاسیکیدا پاییز کرابێت بە وێنەی مەرگ‌و ماتەم‌و هاوین بە وێنەی سك

سووتان و جەرگ هەڵقرچان، ئەوا مەولەوی لە شین و ماتەمیشدا هەر ئاڵودەی بەهاری وولاتەو ڕێگەیەك هەر دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بێتە سەر باس و وەسفی بەهار ، ئەمەش لەو دوو شینامەیەدا بوو کە بۆ خاڵی و بۆ خاتوو : عەنبەری خێزانی کردبووو لەو میهرەجانەدا باسکرا ، لێرەدا دەبێ ئیشارەت بۆ ئەو شینامەیەش بکەین بۆ ئامینەخانی کچی قادر بەگی کەیخوسرەوبەگی جاف نووسیوەو ئەمە سەرەتاکەیەتی :

*ماتەمی و وەهار ؟ بێ شەوقی و نەوگوڵ*
*مەلووڵی و گوڵزار ؟ بێ زەوقی و بوڵبوڵ؟*

پیرەمێرد بەم چەشنەی دارشتۆتەوە :

*ماتەمی و بەهار ؟ بێ شەوقی و نۆ گوڵ*
*مەلووڵی و گوڵزار ؟ بێ زەوقی و بولبول*
*بەیانیان بۆنی نەسیم وەك جاران*
*نادا لە کاخی دەماخی یاران*
*ئاخۆ لەم سەر وەخت قەزای بەهاردا*
*کام تەم لە هەردەی قەزا دیاردا*
*سەدای هەی دیبای شیوەن هەرزانە*
*سەلای وا وێلای بارام تەرزانە*
*گوڵشەنی حوسنی شای گوڵ ئەندامان*
*وەیشوومە خستی‌یە بەر گەڵا ڕێزان*
*ئەو باڵای ئاڵای وێنەی سەهـ سەروو*
*سەد دڵ هێلانەی لێکرد وەك تەزروو*

*هەڵکەندراو ڕووخا لەگەڵ ئاخ و ئۆی*
*تەزروویی نیشتە ژێر سێبەری خۆی*
*ئای بە ڕەزای شەنگ، عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ*
*بوو بە تاتای تاش ئەلحەد سەرای سەنگ*

پاشان دەڵێت :

*نێرگس وا چاوی ئەڕوانیّ و گەشە*
*تۆ چاوت لێک نا، ئای بەختم ڕەشە*

مەولەوی لێرەدا هەر یەکسەر بە بەهار دەست پێدەکات و شین و ماتەمی بۆیە لاگرانە چونکە لەگەڵ بەهاردا ناگونجیّ، کەشای فەسڵانەو بەتەواوی بەسەر هەست و نەست و هۆشی مەولەویدا زاڵە .

* * *

" دەنگ "و " ڕەنگ" و " هەست " لەو شتانەن کە ڕەخنەی هاوچەرخ و هەندیّ ڕێبازی نویّ یا مۆدیۆنیزمی ئەدەبی بایەخی زۆریان پیّ دەدەن ، بۆ بەرەو پیرچوونی ئەو ڕێبازانە نەبیّ، هەر بۆ دیتنی هەندێک لایەنی ووردی شیعری مەولەوی بێت ، باس لە" هەست " دەکەین لای مەولەوی .

لە باسی شیعری عەرەبیدا دەووترا ، ئەبوو نوئاس ووتویەتی :

الا فأسقني خمرا وقل لي هي الخمر
ولا تسقني سرا اذا امكن الجهر

( واتە : مەی بدەریّ و پیّم بڵیّ ئەوە مەیە ، بە دزی‌یەوە مەمدەریّ ئەگەر توانیت بە ئاشکرا بمدەیتیّ ).

لە لێکدانەوەی ئەم دێڕەدا دەووترا لەبەرئەوە دەڵێ " پێم بڵێ " چونکە بە دەم تامی مەی دەکات،بە لووت بۆنی دەکات، بەچاو دەیبینێ ، بە دەست دەیگرێ ، هەر گوێچکە ماوە لەناو " پێنج هەست"ی مرۆڤدا کە بەشداری خۆشیو چێژی ئەو مەیە نەبێت ، دە " پێم بڵێ " با گوێچکەش بەشداربێت .

لەباسی شیعری نوێی کوردیدا لەم بارەیەوە لای پارچەی " ئاواتی دووری " ی گۆران دەوەستاینو پەنجەمان بۆ شەش هەستی مرۆڤ ڕادەکێشا :

*ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەڕت .*
*ئەی گوێ ! زەلیلی چاومو بەرتۆ پەنا ئەبەم !*
*ئەی حیسی شامە ! لە چاوو لە گوێچکە مەیئووسم ،*
*ئەی لامیسە ! ئەگەر چی نەبوو دەنگو ، ڕەنگو، بۆ*
*ئەی خاطیراتی گوزەشتەم ، دەخیلی تۆم !*

لێرەدا " تام " جێگەی نەبۆوە ، بە شێوەی ئەم ڕەخنەگرانە دەبێ بڵێین .

چاو ⇐ گوێ ، بۆ ن ⇐ هەست ( لەس ⇍ یادگاز ( هەستی شەشەم)

لە نێوان ئەبوونوئاسو گۆراندا زۆر بە لای مەولەویدا ڕۆیشتووین ، بەڵام هەستمان بەم جۆرە ووردیو قووڵیو ڕۆچوونەیدا بەناو جوانیو هەست بە جوانیو هەمەڕەنگیو هەمەچەشنیی جوانیدا نەکردووە.

مەولەوی دەڵێ :

***بۆی ( عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوور کەرد***
***فرسەتش ئاوەرد هەوای وە بای دەرد***

لێرەدا بە ( بۆن) دەست پێدەکات،لە وشەی ( عەنبەر)دا ( تەوریە) یەك هەیە ، هەم بۆنی خۆشی ( عەنبەر) ، هەم بۆنی ( عەنبەر) خاتوونی خێزانی .

دێتە سەر " گوێ " و " بیستن "

*ئەی چی ! وەبێ بەزم یارانی جانی*
*کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی*

ئەم " تام کردن"ی لە بیرنەچووبوو:

*چون مەزاق تاڵەن جەگر دین لاوە*
*بۆ وەشیرینیی یەك دوو تەواوە*

پاش ئەوە دێتە سەر دیتن و " چاو"و " بیستن" و "گوێ" پێکەوە :

*نە چەم ، نە دیدەن ئازیز بێگەرد*
*نە گۆش نە صەدای یاران هام فەرد*

ئینجا دێتەوە سەرتام و هەمووی بە توندیو بەسەختیو بە لاوەستانی زیاترو فراوانترەوە دەبەستێ بە هەستی دەروونەوە کە هەموو هەستەکانی یەکخستووەو لە چمکێکەوە بەستراوە بە یادگاروهەستی شەشەمەوە :

*شیرینیی ئیفتار جەلام تاڵییەن*
*جام نە جەماعەت دۆسان خاڵییەن*
*جە شووم پڕ شووم ئەلحەد سەرای خەم*
*جە سەر وازی هوون جۆی سەر چەمەی چەم*

واتە هەر بە پێی ئەو ڕەخنەنووسانەی ووتمان :

بیستن ⟸ مەزاق ⟸ دیتن + بیستن ⟸ هەستی دەروون یادگارو
گوێ ( تاڵی - شیرینی ) چاو گوێ هەستی شەشەم

بەڵام دەبێ لێرەدا لە " هەست پێکردن و لامیسە " بپرسین ، وا بزانم لێرەدا ئەو پرسیارە لای ئێمە ناگونجێ چونکە باس لە شیعر دەکەین و نەلە " مەنتیق " دەدوێین نە لە بایەلۆجی یا ئەنتۆمی " تەشریح " ئەوە بۆ مۆدێرنیستەکان بەجێ دێڵم .

زۆر سۆفیزم و ئیستیلاحاتی سۆفێتی لای مەولەوی وەستاوم، وێنەکانی هەر وێنەکانی ئەوانە ، هەر دووای ( مەقامات وئەحواڵ) کەوتنەو هەر دەجدە "ەو" شەوق"ەو " یەکێتیی بوون - وجود "وتوانەوەو" شهود "ە، بەڵام لای ئەم لە زۆر شاعیری سۆفی جیا دارشتنەوەی خۆی دەبینی

-کێوی توور (طور).

*سۆزیام هەی سۆزیام وێنەی شوعلەی نوور*
*بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور*

یا لە سۆفێتیی ئیسلامەوە بەرەو ئیستیلاحی زەردەشتی چوون :

*با کڵافە بۆ ، ئاخر لەوانم*
*خاک پای حەزرەت پیری موغانم*
*چون دەف ، بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم*
*غوڵام بەردەس حەلقە نەگۆشم*

مەولەوی نەقشبەندی‌یە ،بەلام لە لایەکەوە وشەی ( دەروێش ) بەکارهێنان کە بۆ قادری‌یانەو لە سنووری "دەف" چونە دەرەوە کە تاقە ئامێری مۆسیقای بەکارهاتووە لای نەقشبەندی‌یەکان سەرنج ڕادەکێشێ :

*ساقی ،سا دەخیل جام مەی وەکەف*
*دەروێش ئامانەن کەڤ نە ڕووی دەف*

* * *

*ساقی ، مەی هەی داد ، موغەنی ، چەنگێ*
*نەی چی ، های فەریاد، موتریب ، ئاهەنگێ*
*گەرمیی مەی ، نەواو کزەی دەف و نەی*
*تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی*

هەموو ئەو بابەتانەی لە ئەدەبیات و بابەت و ڕێڕەوی دەدوێن لەسەر بناغەی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکە خۆی دامەزراون .

جاری وا هەیە شاعیر بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات دەبێت بە تیۆری دانەر چ بۆ بەلاغەت و چ بۆ بابەتی ئەدەبیات ولایەن و ووردەکاریی ئەو ئەدەبیاتە بێت .

لەبابەتی ناوەڕۆک و ڕوخسار دووان ، واتە هەر بە ناوهێنانی ئەم دوو ئیستیلاحە لە ئەدەبی ئەورووپاشدا زۆر کۆن نی‌یە ، هەر وەک لە ئەدەبیاتناسیی عەرەبیشدا بەو ناوەوە لە کۆندا نی‌یە یا دەگمەنە ، ڕەنگە بە لێکدانەوەکانی جاحیز ( جاحظ) یا ئیبن عەبدی ڕەبە ( ابن عبد ربە ) دا بگەڕێیت باسی وا بدۆزیتەوە کە لەو مەبەسە بدوێت ، بەلام هەر بەو ناوەوە نا .

با ئەم دوو دێڕەی مەولەوی ببیستین بزانین باس لە ناوەڕۆک و ڕوخسار ناکەن ؟

*دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جەهوون*
*شەقڵش هانە ڕووی گەرد ڕای دەروون*
*مەنعم مەکەر دیٚ گرانەن دەردم*
*ئەرشنیٚو بابوو قافیەی فەردم*

ئایا ئەمە باس لە باری دەروون و سایکۆلۆجیی شاعیرە ، یا بەستنی ناوەڕۆکە بەڕوخسارەوەو شاعیر دەزانیٚ کە دەرد گران بوو، توانای شاعیر کەم دەبیٚت و قافیەش دەشیٚویٚت و ئەو پتەوی و سواری‌یەی پیٚوەنامیٚنیٚت، ئایامەبەسی بە ( قافیەی فەردم) هەر بابەتی ( قافیە)یە یا هەموو شیعرەکانیٚتی ، بە هەموو حاڵ دەتوانین لە شیعری مەولەویدا بۆ ئەم چەشنە بڕیارە تیۆریانە بگەڕیٚین .

هەر لە باسی ( قافیەی فەرد)ەوە دەتوانین شتیٚك بخەینە سەر لیٚدوانی قافیە لای مەولەوی .

دیارە زۆربەی شیعری مەولەوی قافیەی مەسنەویی هەیە ، ئەمەش خاسیەتی شیعری هەورامی‌یەو خاسیەتی شیعری نویٚی کوردی و شیعری نویٚی ڕۆژهەلاتە، کە لە چوارچیٚوەی یەك قافیەیی قەسیدەی کلاسیکی دەرچووە.

بەلام مەولەوی وەستایانە ، بیٚ زۆر لە خۆکردن، بیٚ ئەوەی ڕەوانیی شیعرەکانی لەکەدار بیٚت و ماندوویی پیٚوە دیاربیٚت ، لە زۆر شویٚندا، لەناو نیو دیٚردا لەنگەرگرتن، پشت بە سەجع بەستن، یا بە ووتەی ئەمڕۆ ( قافیەی ناوەوە) بە جوانی بەکار دیٚنیٚت .

*ئەو سەبوون سفتەی پڕداخ ، بیٚ پەرداخ*
*تۆ بۆی شنۆی بای ئیٚلاخ نە دەماخ*

یا :

*ملان ،سەربەرزان، کۆساران ، هەردان*

*بیٚ شەرتان ، جەداخ وەفاتان مەردان*

بۆ ئەم نموونانە بگەڕێین لە شیعری مەولەویدا زۆرن .

مەولەوی هونەرمەندە ، کامێراکەی ڕووبکاتە هەر شوێنێك وێنەیەك دەگرێت کە دیمەنی جوانی و هونەری تێدا بەدی بکەیت .

کەرەسەیەك کەبۆ شیعر نەشێت، یا لای ناشاعیر نەبێت بە شیعر ،ئەم دەیکات بە شیعرو دیمەنی جوانیی پیٚ دەبەخشیٚ، دەیکا بە شیعر ، ووردەشت بە کامێراکەی گەورە دەکات و ئەم شیعرە جوانانەی پیٚ دەبەخشیٚ .

بۆ نموونە : کیٚ بێت داوای جووتیٚ گۆرەوی لە هاوڕیٚ یەکی بکات ، ئەم دیمەنە جوانەی شیعری پیٚ ببەخشێت .

*جۆراب چون من زامان نەسرەفتە*

*وەسەر پەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە*

*بەدبەختی چون من تەن کەفتەی کۆییٚ*

*یا خەیاڵ خامیٚ ئەبلەه چون تۆییٚ*

یاهەر سەیری ئەو پارچەیەی بکە کە چۆن تەزبیحێکت وا بۆ جوان و گەورە دەکات و دەنکەکانی ەکات بە دەنکە دەنکەی شیعری جوان .

هەرچەندە شیعری مەولەوی زۆرتر لە بابەتی رۆمانتیکی و شیعری تازەوە نزیکە ، لە زۆر پارچەیدا یەکێتیی مانا لە تاقە دێڕێکدا نابینی ، لە هەندێك شوێندا بە دوو دێڕ مانا دەدات بە دەستەوە کەئەمە بۆ شیعری کۆن بە( تضمین) ناوبراوەو لە شیعری کۆندا بەجوان نەزانراوە.

بەلام لە زۆر پارچەدا بە چەند دێڕ یا غەزەلێك مانا تەواو دەكات كە ئەمە خاسیەتی شیعری تازەیە ، لە پاڵ ئەم هەموولایەنانەی تازەگەریشدا لەناو شیعری مەولەویدا دەتوانین بە دووای ووردەكاریی ڕەوانبێژی بەهەر سێ جۆرەكەیەوە بگەڕێین و نموونەی زۆر بهێنینەوە.

باوەڕ ناكەم مەولەوی ئاگای لە ئەحمەدی خانی بێت كەلە وشەی ( حاتەم) و ( تەی - طي) ئەم چەند جۆرەی جیناس و تەوریەی دروستكردووەو بێگومان بیرەكەش دەچێتەوە سەر ئایەتی ( ويوم نطوى السماء كطي السجل للكتب ) :

***شۆرەت ئاسەی نام حاتەمش كەرد طه ی***

***كەرد وەكاسە كەل كاسەی كەلەی كە ی***

دوواشت : زۆر باسی شینەكانی مەولەوی دەكرێت بۆ عەنبەر خاتوونی خێزانی ، زۆربەی هەر باسی جوانی و لێكچواندن و وێنەی شیعرو سۆزی دڵ دەكرێت لەم پارچانەدا ، بەلام دەكرێت لە كونجێكیترەوە ئەم شینانەی مەولەوی ببینین ؟

زۆر بۆ ئەم جۆرە شینە گەڕام ، هەر لە ئەدەبیاتی كوردیدا نا ئەم چەشنە شینەم لای شاعیرێكی عەرەب دی ، كەوا بزانم ( جەریر )ە كە بە ژنەكەی دەڵێ :

**لولا الحياء لهاجني استعبار**

**ولزرت قبرك والحبيب يزار**

ئەو شاعیرە شەرم دەكات بچێتە سەر گۆڕی ژنەكەی یا خۆشەویستەكەی ،بەلام مەولەویی ئێمە ئەو هەموو سۆزە، ئەو هەموو دیمەنەی دڵ و هەناو سووتاوی یە دەردەبڕێ ، گۆڕی عەنبەر خاتوون بە فرمێسك ئاو ئەدات ، شینی دەكات. ئەمە بە وێنەی وەفاو پیاوەتی دەزانێ ، لای شەرم نی یە . ئەمە سۆزە ، خۆشەویستی یە ، وەفایە ، بەلام ئایا بە پێی بایەخەكانی ئەمڕۆ ناتوانین بە

بایەخدانی بزانین بە ژن ؟ ئایا دڵسۆزیی پیاو نی‌یە بۆ ژن ؟ عەنبەر خاتوون لە شیعری مەولەویدا هەر پەیکەری جوانی نی‌یە ، هەر پەیوەندی خۆشەویستی و پەیوەندی ژن و مێردی نیە، بەڵکو هاوسەرو خۆشەویستی ژیانە .. وێنەی هاوڕێ یەو ئەو هاوڕێ یە لەهەموو ئەو هاوڕێ و ناسیاوو کەس وکارە زیاترو بەرزترە کە مەولەوی لە مردنیاندا شینی بۆ کردوون .

ئایا ئەمە گەورەیی و بایەخی ژن نی‌یە ، لای مەولەوی ، لای شاعیر ، لای کورد ؟ وابزانم هەروایە .